

**غەفوور مەخمووری:**

سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# ئافرەتی کورد هەمیشە لە ئافرەتی نەتەوەکانی دی ئازادتر بووە

# چەندین ئافرەت لە ژیانی پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستن و حزبایەتی و سیاسەت ڕۆڵی کارایان بینیوە

# هزرو ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان کاریگەری نێگەتیڤیان هەبووە بۆ هێشتنەوەی ئافرەت لەو دۆخەی ئێستا

**غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتی کورد دەکات و، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە باوەڕی تەواوی بە ماف و ئازادییەکانی ئافرەت هەیە، پێداگرییش لەسەر ئەوە دەکات، کە هەتا ئافرەت ئازاد نەبێت لە دەربڕینی خواست و مافەکانی و وەدەستهێنانیان، کۆمەڵگە پێش ناکەوێت و لە دواکەوتوییدا دەمێنێتەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** وەك سکرتێری پارتێکی نەتەوەیی، ئەوەت لا ئاشکرایە هەتا ئافرەت ئازاد نەبێت، نەتەوە ئازاد نابێت، بەڵام لە نووسینەکانت کەم ئەم پرسە گرنگە دەبیندرێت، بۆیە دەپرسین: چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پرسی ئازادیی ئافرەتانی کوردستان هەیە؟**

- ڕوانین بۆ ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەش پەیوەستە بە تێگەیشتن لە بنەما دیموکراتی و ئازادییەکان، ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕابردوودا لە زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیان ڕۆڵێکی کارای هەبووە، بەشدار بووە لە کارکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و زۆر جاریش ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بینیوە، خانزادی سۆران و حەپسەخانی نەقیب نموونەی بەرچاوی ئەو بوارەن، چەندین ئافرەت لە ژیانی پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستن و حزبایەتی و سیاسەت ڕۆڵی کارایان بینیوە، ئەوە لە ڕابردوودا وا بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا وا نییە، تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵدراوە، ئافرەتان لەسەر بنەمای حزبی بهێنرێنە پێشەوە و کاریان پێ بدرێت، نەك لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی، ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەبووە بۆ سەر کار و خەباتی ئافرەتان، ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردستان زۆر ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوومان هەیە لە تەواوی بوارەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن و نووسین و بوارەکانی دیکە، بەڵام کە حزبی نین، ئەو بایەخەیان

پێ نادرێت، کە بە ئافرەتێکی حزبی دەدرێت، کێشەکانی ئێمە لێرەدایە کەوا حزب کۆنترۆڵی هەموو کایەکانی ژیانی کردووە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانەش مامەڵە ناکات، ئەوەش زۆربەی حزبەکان دەگرێتەوە، ئەم شێوازە مامەڵەکردنە کاریگەریی خۆی هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا و زۆر جاریش وای لێهاتووە ئازادییەکانیان پێشێل بکرێت.

من باوەڕی تەواوم بە ماف و ئازادییەکانی ئافرەت هەیە، تا ئافرەت ئازاد نەبێت لە دەربڕینی خواست و مافەکانی و وەدەستهێنانیان کۆمەڵگە پێش ناکەوێت و لە دواکەوتوییدا دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین و هاوکار بین بۆ وەدەستهێنانی ماف و خواست و ئازادییەکانی ئافرەت، ئەمەش ئەرکی دەزگا و دامەزراوەکان و هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستانە.

*** کاتێك دێینە سەرباسی بیری نەتەوەیی کوردستان، هەست دەکەین فیکر و خامەی خانمانی کورد لەم پرسە گرنگەدا زۆر سنووردارە و، زۆر کەم لە خانمان لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەنووسن، یان بیری لێ دەکەنەوە، ئایا بە ڕای ئێوە ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لە ناو فەلسەفەی بیری نەتەوەیی کوردستاندا، ئافرەتان هەست ناکەن شوێنی شیاوی خۆیان هەبێت، یان بە دیوێکی دیکەدا ئافرەتان هەست ناکەن لەناو چوارچێوەی بیری نەتەوەییدا فەرامۆش کراون؟**

- ئافرەتی کورد لە بواری نووسیندا زۆر کەم کاری لەسەر هزر و سیاسەت کردووە، خامەی ئافرەتی کورد زیاتر خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، لە بواری زمانناسی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆمان و شیعر و چیرۆك ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بەڵام بۆچی لە بواری هزر و سیاسەتدا خامەکەیان نەخستووەتە کار؟ ئەوەش هۆکاری خۆی هەبووە، کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و کەمتر بواری بە ئافرەت داوە کەوا بیربکاتەوە و تێکەڵی کاری سیاسەت بێت، ئەمەش وایکردووە ئافرەتی کورد ڕێگەی خزمەتکردنی بواری کەلتوور بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووا ئافرەتی ڕچەشکێنمان هەبایە و لەم بوارەدا دەربکەوتبایە.

*** کاتێك باسی بیری نەتەوەیی هەر نەتەوەیەك دەکرێت، باس لە زمانی دایك، پەروەردەی دایك دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە قوتابخانەی یەکەم بۆ بیری نەتەوەیی ئەو دایکەیە کە ڕۆڵەکەی چۆن پەروەردە دەکات، باشە کە ئەمە گرنگیی ژن بێت بۆ بیری نەتەوەیی، ئایا لەناو بیری نەتەوەیی کوردستانیدا پڕۆژە بۆ ئازادیی ژن دەبێت چۆن بێت؟**

- زمان ناسنامەی پاراستنی هەر نەتەوەیەکە، یەکەم قوتابخانەی فێربوونی زمانیش ماڵ و یەکەم مامۆستای فێربوونی زمانیش دایکە، بیری نەتەوەیی کوردی هەمیشە ڕوانین و ڕێزی تایبەتی بۆ ئافرەتن و ماف و ئازادییەکانی هەبووە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کەوا تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وایکردووە کەوا ئافرەت وەك پێویست پێش نەکەوێت و نەگات بە ماف و ئازادییەکانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هزرو ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان کاریگەری نێگەتیڤیان هەبووە بۆ هێشتنەوەی ئافرەت لەو دۆخەی ئێستا، خاوەن پرۆژەکانی هزرو ئایدیۆلۆژیای هاوردە پشتیوانی و هاوکاریی زۆریان هەبووە، بەڵام هەڵگرانی مەشخەڵی بیری نەتەوەیی زۆر جار ڕێگریان لێ کراوە و کۆسپ و تەگەرە خراوەتە ڕێگەی کارو خەباتیان، بە باوەڕی من پێویستە هەر تاکێکی کورد لە ماڵەوە کەشێکی گونجاو دروست بکات بۆ ئەوەی دایك لەسەر بنەمایەکی کوردانە و کوردستانییانە منداڵەکەی پەروەردە بکات، بۆ ئەمەش حکومەت و ڕاگەیاندنی کوردستان دەتوانن ڕۆڵ ببینن بۆ وشیارکردنەوە لە مەترسیی هزر و ئایدیۆلۆژیا هاوردەکان بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییمان.

*** کاتێك سەیری مێژووی نەتەوەکەی خۆمان دەکەین، دەبینین بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەرمان، ژنی کوردستان ئازادییەکی زۆر زیاتری هەبووە و، دەکرا لەو مێژووەوە ئازادیی ژنی کوردستان زیاتر پێناسە بکرایە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە ئەو مێژووە فەرامۆش کراوە، چی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی دی مێژووی کوردستان ئازادیی ئافرەت پێناسە بکاتەوە؟**

**زۆر ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوومان هەیە لە تەواوی بوارەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن و نووسین و بوارەکانی دیکە، بەڵام کە حزبی نین، ئەو بایەخەیان پێ نادرێت، کە بە ئافرەتێکی حزبی دەدرێت**

**کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و کەمتر بواری بە ئافرەت داوە کەوا بیربکاتەوە و تێکەڵی کاری سیاسەت بێت**

**لە ڕابردوودا کورد بە ستایلی کوردانە موسڵمان بووە، بەڵام ئێستا هەوڵدەدرێت کورد بە ستایلی تورکی و سعودی و ئێرانی موسڵمان بێت و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی بسڕێتەوە**

- بێگومان ئافرەتی کورد وەك لە سەرەتاوە باسمان کرد، ڕۆڵێکی کارای لە کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە، بەڵێ، ئافرەتی کورد هەمیشە ئازادتر بووە لە ئافرەتی نەتەوەکانی دەوروبەرمان، ئەمەش ئەو کاتە بووە کەوا هزر و ئایدیۆلۆژیا هاوردەکانی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردستان کارا نەبوون، تاکی کورد نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو هزرە ئایدیۆلۆژیا هاوردانە، پێویستە تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و پەیوەست بە خاك و نیشتمان و کەلتووری نەتەوەییمان پەروەردە و بینابکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك کەوا جارێکی دیکە ئافرەتی کورد ڕۆڵی کوردانەی خۆی ببینێت و مێژووی کوردستانیش بە شێوەیەکی سەردەمییانە ئازادیی ئافرەتان پێناسە بکاتەوە.

***وەك سیاسەتمەدارێك ئاگاداری ئەوەی خەریکە بە هاوردەکردنی کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیای دەرەکی، جوانیی ژنی کورد بە ناوی ئیسلامەوە دەشوێندرێت و خەسڵەتی کوردانەی ژنی کورد بزر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد مەلا و زانایانی ئیسلامی بوون و شیعرەکانیشیان بەشی هەرە زۆری بۆ پیشاندانی جوانی و ئازایەتیی ژنی کورد بووە، ئایا ئەم ئایدیۆلۆژییە هاوردەکراوانە تاچەند سیما و ڕوخسار و جوانی و ئازایەتیی ژنی کوردیان شێواندووە؟ تا چەند ئەم شێواندنە کاریگەری نەرێنی لەسەر بیری نەتەوەییمان دەبێت؟**

- زۆر بەداخەوە ئەو هزر و ئایدیۆلۆژیا هاوردانە کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤیان کردووەتە سەر کۆمەڵگەی کوردستان و گەورەترین قوربانییش ئافرەتی کورد بووە، ئەو هزر و ئایدیۆلۆژیا هاوردانە زۆرترین کاریگەرییان بۆ سەر ئافرەتان هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆر جار شیرازەی خێزانیشیان تێکداوە، کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی ئایینییەوە زۆربەی زۆری موسڵمانن، لە ڕابردوودا کورد بە ستایلی کوردانە موسڵمان بووە، بەڵام ئێستا هەوڵدەدرێت کورد بە ستایلی تورکی و سعودی و ئێرانی موسڵمان بێت و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی بسڕێتەوە، ئەو جلوبەرگ و لەچکەی کەوا ئێستا لەلایەن هەندێ لایەنی ئیسلامی سیاسی کراوەتە مۆدێل بۆ ئافرەتی کورد، زۆر دوورە لە تایبەتمەندی کوردانە و شێواندنی دەستووری جلوبەرگی کوردییە، ئەم جۆرە ستایلە هاوردانە هەموو جوانییەکی ئافرەتی کوردیان شێواندووە، ئەمە لە ڕووی دەرەوە، لە ڕووی ناوەوەش هەوڵدراوە کەوا لە جێی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی هزری ئایینی بخرێتە مێشکی تاکەکانی کوردستان، وەك ئەوەی کێشەی ئێمە نەتەوەیی و نیشتمانی نەبێت و کێشەیەکی ئایینی بێت، ئەمەش زۆرترین کاریگەری بۆ سەر ئافرەتان هەبووە و وایکردووە تاکی کوردی شێواندووە و بە مێژووی خۆی نامۆی کردووە، بۆیە پێویستە سنوورێك بۆ ئەو شێواندن و سڕینەوەی مێژوو و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان دابنرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بەرنامەیەکی نیشتمانی دەکرێت.

***سیاسەتمەدارانی کوردستان شانازی بەوە دەکەن، دەستی دایکە شەهیدێك ماچ بکەن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە ژنێکی قارەمان پیشمەرگەیەکی قارەمانی پەروەردە کردووە، لێرەدا پێویستە بپرسین: چۆن وەبەرهێنان لە کچانی ئێستا بکەین، بۆ ئەوەی ئەو ژنە قارەمانەی لێ بەرهەم بێت؟**

- گرنگ ئەوە نییە دەستی دایکە شەهیدێك ماچ بکەیت، گرنگ ئەوەیە دەتوانرێ چی بۆ ئەو دایکە شەهیدە بکرێت کە ئازیزترین کەسی خۆی بەخشیوەتە نیشتمان، گرنگ ئەوەیە ژنە شەهیدێك بە چاوی ڕێزەوە سەیر بکرێت و منداڵەکانی بێناز نەبن، ئێمەی کەی توانیمان ژن و دایك و خوشکی شەهیدان ئاسوودە بکەین و بە چاوێکی یەکسان سەیریان بکەین، ئەو کات دەتوانین وەبەرهێنان لە کچانی ئێستا بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەسانی قارەمانیان لێ بەرهەم بێت، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کەوا عەدالەتی کۆمەڵاتی فەراهەم بکەین، بێگومان کۆڵەگەی هەر دەسەڵاتێکیش عەدالەت و یەکسانییە، ئەگەر ئافرەتی کورد هەستی کرد لە کۆمەڵگەدا عەدالەت هەیە و ڕێزی لێ دەگیرێت و بە چاوی یەکسان سەیر دەکرێت، ئەوا هەمیشە خۆی بە سەربەرزو دایکی قارەمانان دەبینێت.

**پێویستە هەر تاکێکی کورد لە ماڵەوە کەشێکی گونجاو دروست بکات بۆ ئەوەی دایك لەسەر بنەمایەکی کوردانە و کوردستانییانە منداڵەکەی پەروەردە بکات**

**ئافرەتی کورد هەمیشە ئازادتر بووە لە ئافرەتی نەتەوەکانی دەوروبەرمان، ئەمەش ئەو کاتە بووە کەوا هزر و ئایدیۆلۆژیا هاوردەکانی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردستان کارا نەبوون**

**تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵدراوە، ئافرەتان لەسەر بنەمای حزبی بهێنرێنە پێشەوە و کاریان پێ بدرێت نەک لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی**



# لەپێناو سەلامەتیی تاک داوا دەکرێت ڕێنماییە تەندروستییەکان لە ناو خێزان پەیڕەو بکرێت

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی تەندروستی،تا ئێستا زیاتر لە ٢١٢ هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش نزیکەی پێنج هەزار کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەست داوە.

لانە حافیز، مامۆستای زانکۆیە و لەو بارییەوە دەڵێت: «هۆشیاریی تەندروستی، بریتییە لە ڕۆشنبیرکردن و زیادکردنی زانیاریی خەڵك و کۆمەڵگە لە پێناو چۆنێتیی مامەڵەکردنی تاك بەرامبەر تەندروستی، هەروەها، هۆشیاریی تەندروستی دەبێتە هۆی پارێزگاری لە ژیانی مرۆڤەکان و دوورکەوتنەوە لە گرفتە تەندروستییەکان. خێزان بناغەیەکی گرنگە بۆ فێربوون لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا بە چاودێری و ئاراستەکردنی گونجاو بەرامبەر هەموو ڕووبەڕووبوونەوە و ئەرکێك. باوان پاڵپشتێکی گرنگە بۆ ئەندامانی خێزان، بۆ جێبەجێکردن و پێدانی هەموو جۆرە هۆشیاری و ئامۆژگارییەکی جۆراوجۆر، بە شێوازی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا قۆناغە یەك لە دوایەکان لەپێناو کۆمەڵگەیەکی تەندروست.»

**هۆشیاریی تەندروستی، بریتییە لە ڕۆشنبیرکردن و زیادکردنی زانیاریی خەڵک و کۆمەڵگە لە پێناو چۆنێتیی مامەڵەکردنی تاک بەرامبەر تەندروستی**

ئەو مامۆستا ئەکادیمییە بە پێویستی دەزانێت: «لە ڕێگەی خێزانەوە هۆشیارییە تەندروستییەکان بە شێوازێکی ڕێك و پێك جێبەجێ بکرێن، خێزانیش ڕێنمایی تاکەکانی بکات، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە: «بیرخستنەوە لە ڕێگای ڕیکلامەکانەوە»، جەختیش لەوە دەکاتەوە «هاندانی خێزانەکان بە بەردەوامی بۆ پاراستنی تەندروستیی تاکەکانی، دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو و ڕۆشنبیر و ئاشنا بە ئەرك و مافەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ ئەم کارەش پێویستە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی تایبەتمەند و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان هاوکاربن.» گوتیشی: «خێزان کۆڵەکەی هاوکاریکردنی تاکەکانیەتی بۆ دوورکەوتنەوە لە دۆخە نەخوازراوەکانی تەندروستی و چارەسەرکردنی بە هەڵسەنگاندن و بەداواداچوونی بەردەوام. هاوکات لەپێناو تەندروستیی تاکەکان، دەبێت خێزانەکان دەوڵەمەند بکرێن بە زانیاری و هۆشیاریی تەندروستی و بەردەوام بن لە پێناو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دروست. لەکۆتاییدا وەکو وتراوە: (خۆپاراستن لە چارەسەر کردن باشترە).»

**هۆشیاریی تەندروستی دەبێتە هۆی پارێزگاری لە ژیانی مرۆڤەکان و دووركەوتنەوە لە گرفتە تەندروستییەکان**

ئیبراهیم حاجی زەلمی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی، ڕای وایە: «یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە خاوەنی هۆش و پەیبردنە بە شتەکان، لێرەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی هوشیارە بە خۆی و بە جووڵە و بە چواردەوری، بە ئاگایە لەوەی کە لە چواردەوریدا دەگوزەرێت.» هاوکات باسی ئەوە دەکات کە: «دیارترین پرسێك کە مرۆڤ لە سەری بوەستێت، هەمیشە ئەوەیە کە هوشیار بێت لە ژیانی و جەستەی و تەندروستیی خۆی، چونکە ئاگابوون لە تەندروستیی خۆی، جۆرێکە لە هوشیاری بەرامبەر بەخۆد و چواردەور، ئەو شتانەشە کە کاریگەری و جێکەوتیان لەسەر ژیانی و گوزەران و تەندروستیی لەش هەیە.» گوتیشی: «زۆر جار بیرمەندان وەها پێناسەی چەمکی (هوشیاریی تەندروستی) دەکەن، کە چەمکێکە مەبەست لێی ئەو توانا مرۆییەیە کە لەلای مرۆڤ ئامادەیە بۆ ئەوە بگات بە کۆمەڵێك زانیاری و داتا و لە ئاگاییدا توانای تێگەیشتنیانی هەبێت و شیکارییان بۆ بکات، بە شێوەیەك کە سوودیان لێ وەربگرێت، بۆ دەستکەوتنی تەندروستییەکی باش و بەرگری و بەرگیری لە بەردەم نەخۆشکەوتنی و پاشان بە هۆیانەوە پارێزگاری لە تەندروستیی لەش و دەروونیان بکات، بێگومان ئەمەش



**ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی دروست کرد، ئاراستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی گۆڕی، تەنانەت کاری لەسەر پێگەی خێزانیش کردووە. ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڤایرۆسێکی جیهانییە و هەموو وڵاتان ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتووەتەبەر بۆ خۆبەدوورگرتن و تووشنەبوون بەو پەتا نەگریسە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر زوو کەوتەخۆ و بڕیاری بوێرانەی گرنگی دا بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەویش لە پێناو دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە هەموو لێکەوتەکانی ئەو حاڵەتە، پسپۆڕانی بواری تەندروستییش بە پێویستی دەزانن ڕێنماییە تەندروستییەکان لە ناو خێزانەکان پەیڕەو بکرێت و، شان بەشانی حکومەت هاریکاربین، بۆ ئەوەی لەو ئاریشەیە دەرباز ببین.**
**بەشدارانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان پتر تاوتوێی ئەو گرفتە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بۆ خێزان و تاکەکانی هەر ڕاستە. بۆیە هوشیاریی تەندروستی شتێك نییە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك بووبێت، بەڵکو کۆمەڵێك ڕیوشوێن و داتا و زانیارییە کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانی و ئەزموون و نووسراوەکانەوە وەری دەگرێت و، دەستی دەکەوێت و پێشوەختە دەیکاتە بەردەستێك بۆ خۆپارێزی و دەستکەوتنی تەندروستییەکی باش. بۆیە هوشیاریی تەندروستی و ڕۆشنبیریی تەندروستی، ئەمڕۆ دوو چەمکی هاوشێوەی بەکاربراون، ئەگەرچی بنجی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئامانج و کارلەسەرکردنی هەر یەکەیان لەلایەن مرۆڤەوە وەکوو یەکە و، دواجار مرۆڤ لە پێناوی سەلامەتیی خۆی و بەرگری لە نەخۆشی سوودیان لێ وەردەگرێت، دیارە ئەم ڕۆشنبیرییە تەندروستییەش کە مرۆڤ دەستی دەکەوێت، بریتی نییە تەنیا لەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی کە لە ڕێگە جیاوازە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، بەڵکو ئەو هوشیارییە، ناخی و خۆشەویستییە بۆ ژیان کە لەپێناو دروستی و پاراستنی خۆ و دەور و بەر و ژینگە و کۆمەڵگە هەڵگریەتی.»

گوڵاڵە پشدەری چالاکی بواری تەندروستی و کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاتنی کۆڕۆنا، فێری زۆر وانەی ژیانی کردین بەگشتی و بەتایبەتی، فێری کردین کە مرۆڤ نابێ خۆپەرست بێت و پیویستە زیاتر مرۆڤدۆست و هاوسۆزی بۆ بەرامبەری هەبێت، کرۆنا فێری کردین مرۆڤ کە گەورەترین داهێنانی خوایە، هەرچەندە زانا بێت، بەڵام بەرامبەر بە کاری سرووشت و خوا بوونەوەرێکی ناتوانا و بێچارەیە، فێری کردین کە تەندروستی بە هیچ نرخێك ناکڕدرێت، فێری کردین کە ئاشق بە ژیان بین، فێری کردین کە چەند ناشوکور بووین بە خەڵاتەکانی خۆڕسکی خوایی وەك هەناسەیەکی ئاسان، خەوێکی ئارام و بێ ئێش و ئازار، بێ ترس، ماچی چێژبەخشینی منداڵەکان، باوەشی گەرمی دایك، کۆبوونەوەی سەر سفرەی خێزان و خۆشەویستان، خوێندن و خوێندنگە، کار و پیشە و نان پەیداکردن، دەستی نەخۆشان گرتن، لە پرسەکاندا پێکەوە گریان و.. هتد. لە کۆتاییدا چەند جوانە بەو هەموو نیشانانەی کە بۆمان لە ئاسمانەوە هاتن، دەرك بەوە بکەین کە خەم و ئازارەکانمان کۆ بکەینەوە و، وەك چەپکە گوڵێك بیکەن بە هێز و خۆشەویستی و ئەشق بۆ یەکتری لەو دونیایەی فانیدا.»

**باوان پاڵپشتێکی گرنگە بۆ ئەندامانی خێزان، بۆ جێبەجێکردن و پێدانی هەموو جۆرە هۆشیاری و ئامۆژگارییەکی جۆراوجۆر**

گوڵاڵە پرسیار دەکات: «ئایا دەبێ لە سەرووی ئەو هەموو ترسەی کە بە هۆی کۆڕۆنا لە جیهان هەیە و جارێ کێشەکە چارەسەر نەکراوە، کاریگەرییەکی خستبێتە سەر تاکەکانیش وەکو نەبوونی بژێوی ژیان و قەرزکردن وشڵەژانی دەروونی و لێکەوتنەوەی کێشەکانی جەستەیی، بەهۆی کێشەی دەروونی و گۆشەگیربوون و هەستی تەنیایی و خەمۆکی، توندوتیژی ناو خێزان و لێکترازان، یان ناچار تەحەمولکردنی لە بێچارەیی بەگشتی و بۆ ژنان بەتایبەتی، هەروەها دواکەوتنی خوێندن، واتە لە سەکتەری پەروەردە و فێربووندا، کە زیانێکی گەورەیە بۆ منداڵان وخوێندکاران؟»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە داهاتوودا سەرمایەیەی مرۆیی لاواز دەبێت و دیسان مەترسیی هەیە بۆ حکومەتێکی لاواز و وڵاتێکی هەژار و برسی و دواکەوتووی گەشەیی.» بە پێویستیشی دەزانێت: «حکومەت و خەڵك پێکەوە هاوکار بن لە بەرگریکردن لەو قەیرانە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی و، دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوونی ئەو ڤایرۆسە بە ڕاست بزانن و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.»

**هاندانی خێزانەکان بە بەردەوامی بۆ پاراستنی تەندروستیی تاکەکانی، دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو و ڕۆشنبیر و ئاشنا بە ئەرک و مافەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە**



# بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە دۆخێکی مەترسیدارداییە

هەرچەند یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵییەکان توندن و وردەکارییان تێدایە، هاوکات بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان نوێنەری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان تێدایە و دەسەڵاتی فراوانیان لە یاساکەدا پێ دراوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە تەواوی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی خێرای مادده هۆشبەرەکان بکەن. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو، هەزار و ١١٣ کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەستگیر کراون، ٩١٦ کەسیان سزا دراون، ٥٨ کەسیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە لەسەریان ئازاد کراون، ئەوانی دیکەش لە لێکۆڵینەوەدان. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، زیاتر لە ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەك ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، لە ساڵی ٢٠١٨شدا ٢٦٩ ملیۆن کەس وەك ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە مێرمندالان و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێکدەهێنن، ئەو وڵاتانەش کە ڕێژەی بێکاریی و شەڕیان تێدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێیدا بڵاو دەبێتەوە.

پەرلەمانی عێراق، لە ساڵی ٢٠١٧دا، یاسای ژمارە ٤٣ی ژووری بازرگانی ساڵی ١٩٨٩ی هەموار کردەوە بە ناوی یاسای ژمارە ٥٠ی مادده هۆشبەرەکان و کارلێکەرە عەقڵییەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی بۆ هەمان یاسا کرد و، بە هەندێك دەستکاریی کەمەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ بە ناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد.

یاساکە لە ٥٠ مادده پێکهاتووە، لەو یاسایەدا بڕیار لە دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان) دراوە، کە سەر بە وەزارەتی تەندروستییە و، لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و نوێنەری وەزارەتەکانی، ناوخۆ، دارایی، بازرگانی، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەزگای ئاسایش و گومرگ، لە بۆردی بەڕێوەبردنیدا ئەندامن.

ئەیوب ئەسعەد شێخانی، کارگێڕی ناوچەی (ی.ق.ك) لە هەولێر، سەبارەت بەو پرسە دەڵێت: «خووگرتن یان ئالوودەبوون جۆریان زۆرە، لەوانە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، جگەرە، کحوول، یاریی کۆمپیوتر، تەنانەت یاریی قوومار.. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە بەکارهێنانی جگەرە و کحوول و مادده هۆشبەرەکان، کاریگەریی خراپی لەسەر باری تەندروستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، سەرەڕای ئەوەش دیاردەی بەکارهێنانیان ڕوو لە زیادبوونە.»

ئەیوب ئەسعەد شێخانی، هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە مادده سڕکەرەکان، لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات:

- باوەڕ بەخۆ نەبوون.
- هاوڕێی خراپ.
- خراپیی باری کۆمەڵایەتی.
- کەم دەرامەتی و خراپیی پەروەردەی خێزان.
- کەمیی ئاستی زانیاری.
- بێکاری و بێ پلانی.
- نەخۆشیی دەروونی و خۆشاردنەوە، یان ڕاکردن لە چارەسەرکردنی کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکان و هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی لە کاتی پەروەردەکردن یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان...»

هاوکات دەڵێت: «ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان زۆر سەختە و کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگە و حکومەت، باشترین چارەسەریش ئەوەیە تاك بە هەموو شێوەیەك خۆی دوور ڕاگرێت لەم دیاردە نابەجێیە و، بەپێی توانا هەوڵی ئەوە بدرێت، باس لە زیانەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بکرێت لە ناو کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەناو گەنجەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا.»

شڤان حاجی کەمال، کارگێڕی لقی گەرمیانی (ی.ق.ك)ـە و، ڕای وایە: «دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی ئاڵۆزە و، چەند قۆناغێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت و، پشت بە کۆمەڵێك چەمکی جیاواز دەبەستێت.»

شڤان حاجی باسی ئەوە دەکات کە «ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (١٩٨٢) پێناسەیەکی پێشنیار کردووە، بۆ ماددەی هۆشبەر، لە نێو ئەو پێناسەیەدا، مادده پێویستەکانی تەندروستی، وەك دەرمان، دوور دەخاتەوە و باسیان لێوە ناکات، تاوەکو بتوانێت جیاکاری بخاتە نێوان دەرمانی پزیشکی و ماددەی هۆشبەر، چونکە ئەم دوو بوارە زۆر تێکەڵاو و ئاڵۆزن. بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، کە ((بریتییە لە هەر ماددەیەکی کیمیایی، یا تێکەڵەیەك لە کۆمەڵێك ماددەی کیمیایی، کە لەشی مرۆڤ پێویستی پێیەتی. بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادده سڕکەرانە، دەبێتە هۆی گۆڕینی فرمانە بایۆلۆژی و بونیادییەکانی لەشی مرۆڤ، پێناسەیەکی دیکەش هەیە بۆ ماددەی هۆشبەر، کە جەخت دەکاتە لە سەر ئەوەی «ماددەیەکی سرووشتی، یان دروستکراوە، کار لە لەشی مرۆڤ دەکات و هەست ڕەفتار و هەندێك فرمانی ئۆرگانی دەگۆڕێت.» گوتیشی: «لە ڕاستیدا هیچ داتاو زانیارییەکی ددانپێدانراو، سەبارەت بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، بەڵام بێگومان وەکو هەر ناوچەیەکی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، لەژێر کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ئەم مادده سڕکەرانەیەدا بووە.

**بەکارهێنانی جگەرە و کحوول و مادده هۆشبەرەکان، کاریگەریی خراپی لەسەر باری تەندروستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە**

**ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان زۆر سەختە و کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگە و حکومەت**

**بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادده سڕکەرانە، دەبێتە هۆی گۆڕینی فرمانە بایۆلۆژی و بونیادییەکانی لەشی مرۆڤ**

**هیچ داتاو زانیارییەکی ددانپێدانراو، سەبارەت بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە**

# بەفیڕۆدانی ئاو لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە گۆڕاوە



ئێمە ئاوی خواردنەوە و بەشی دەستنوێژێکمان نییە، جیرانی بەرامبەریشمان شەو تا سبەی، ئاوی پاك بە ژێر دەرگەی ماڵەکەیدا دەڕژێتە ناو جۆگە و زێرابەوە

پێویستە حکومەت سزای ئەوانە بدات، کە ئاو بەفیرۆ دەدەن، ئێمە پێوەری ئاومان هەیە و لە شوقەین، کەچی ئەوانەی پێوەری ئاویان نییە، پارەی ئاو نادەن و بەو ڕۆژگارە نەک بەر خانوو، بگرە شەقامەکەش دەشۆنەوە

ئەحمەد عەبدوڵا قوتابی پەیمانگەیە و وەك خۆی باسی کرد، دانیشتووی گەڕەکی زانکۆیە لە هەولێر. ئەو لەوە نیگەرانە کە چەندین ڕۆژە بێ ئاون و دەڵێت: «لە ماوەی ١٥ ڕۆژ سێ تانکی ئاومان بە ٣٠ هەزار دینارکڕیوە. ئێمە ئاوی خواردنەوە و بەشی دەستنوێژێکمان نییە، جیرانی بەرامبەریشمان شەو تا سبەی، ئاوی پاك بە ژێر دەرگەی ماڵەکەیدا دەڕژێتە ناو جۆگە و زێرابەوە. ئەوە کەی ویژدانە؟ حەق وایە و زۆر پێویستە حکومەت سزای ئەوانە بدات، کە ئاو بەفیرۆ دەدەن، ئێمە پێوەری ئاومان هەیە و لە شوقەین، کەچی ئەوانەی پێوەری ئاویان نییە، پارەی ئاو نادەن و بەو ڕۆژگارە نەك بەر خانوو، بگرە شەقامەکەش دەشۆنەوە.»

سەبارەت بە هەمان پرس سندس عەلی مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی یاسا بۆ گوڵان گوتی:» ئاو نیعمەتێکی گەورەی خوای میهرەبانە و پێویستە لەسەر نیعمەتەکانی خوای گەورە سوپاسگوزار بین، خوای گەورە دەفەرمووێت بخۆن و بخۆنەوە و ئیسرافی تێدا مەکەن، موبالەغەی تێدا نییە بەفیڕۆدانی ئاو لە گوناحە گەورەکانە و لە کۆنەوە گوتراوە ئاو و ئاوەدانی، پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت دەفەرمووێت: هەتا ئەگەر لەسەر ڕووبارێکیش بوون زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاودا مەکەن، پێویستە وەکو ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی دەست بە ئاوەوە بگرین، بەداخەوە زۆرجار دەبینین ئافرەتان لە کاتی کارکردن و قاپ شۆرین ئاوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە کراوەیی بەجێدەهێڵن، ئەگەر ئەمڕۆ ئاو بەفیڕۆ بدەین سبەی بەخۆمان زەرەر دەکەین و بێ ئاو دەمێنینەوە».

مەلا هێمن شارستێنی، پێشنوێژ و وتارخوێنە لە مزگەوتی جافان (رانیە)، سەبارت بە هەمان گرفت دەڵێت: «یەکێك لەو هەزاران ناز و نیعمەتەی کە خوای گەورە پێ بەخشیوین، بریتییە لە نیعمەتی ئاو. خوای گەورە فەرموویەتی: ( وَجَعَلْنَا مِنَ المآء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ)، واتە ئاو سەرچاوەی ژیانە. لەو ڕوانگەیەوە واجبە لەسەرمان دەست بە ئاوەوە بگرێن و زیادەڕۆیی تێدا نەکەین و، بەفیڕۆی نەدەین، چونکە بەفیڕۆدانی حەرامە. کاتێك دەچێنە خزمەت قورئان، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ)، واتە: لە حەلاڵ بخۆن و بخۆنەوە و، هەرگیز زۆرخۆری و زیادەڕەۆیی مەکەن، چونکە خوای باڵادەست کەسانێکی خۆش ناوێت کە زیادەڕۆی دەکەن. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ)، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی زیادەڕۆیی دەکەن لە بەفیڕۆدان، برا و خوشك و هاوکاری شەیتانن، دیارە ئەوەش گەندەڵییە و کاری شەیتانە، ماڵ و سامان و ئاو یاسای خەرجکردنیان هەیە، سەحابەی بەڕێز عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: «پێغەمبەری خوا، بەلای سەعدی (کوڕی ئەبی وەقاس)دا تێپەڕی کە دەستنوێژی دەگرت و زیادەڕۆیی



**ئەگەرچی ئەمساڵ بە هۆی وشکەساڵی و کەمبوونی باران، هەرێمی کوردستان تووشی زۆر کێشەی کەم ئاویی بووە، بەڵام زۆر لە ماڵانیش بەو پەڕی کەمتەرخەمییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردووە، بە جۆرێك کە لە بن دەرگەی ماڵەکانیانەوە، بە لرفە ئاوی پاکی خواردنەوە، تێکەڵ بە زێراب و جۆگەکانی سەر شەقام دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڵان زیاتر باسی ئەو دیاردە نەشیاوە دەکەن.**

**گۆڵان: کۆمەڵایەتی**

دەکرد لە بەفیڕۆدانی ئاودا، پێی فەرموو: ئەی سەعد ئەو زیادەڕۆییە چییە؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆ لەدەستنوێژگرتنیشدا ئیسراف و بەفیڕۆدان هەیە؟ فەرمووی: بەڵی، ئەگەر لە سەر جۆگە و ڕووبار و دەریاش بووی، دروست نییە، ئاو بەفیڕۆ بدەی و، زیاتر لە سێ جار ئاو بە دەست و دەم و چاوتدا بکەی.»

مەلا هێمن شارستێنی، جەخت لەوە دەکاتەوە و دەپرسێت: «ئەگەر زیادەڕۆیی لە دەستنوێژگرتن و عیبادەتەکاندا دروست نەبێت و حەرام بێت، ئەی چۆن دروستە ئەوەی کە ئەمڕو بەداخەوە هێندی خەڵك بەو پەڕی نابەرپرسیاریەتی لە بەهەدەر دانی ئاو دەیکەن؟ « گوتیشی: «پیاو هەیە لە بەردەمی ماڵەکەیدا سەیارە دەشوات و ئەو هەموو ئاوە بەفیڕۆ دەدات، یان خوشکان و دایکانمان لە شووشتنی قادرمە و حەوشەی ماڵەکان و تەنانەت شووشتنی شۆستە و جادەش تێر نابن، یان تانکی سەرخانووەکان کاتێك پڕ دەبن، لە سەریان دەڕژێتەوە، ماتۆڕی ئاوەکەی ناکوژێنێتەوە و ئیهمالی دەکەن و، ئەو هەموو ئاوە بە فیڕۆ دەدرێت، بەڵام زۆر پێویستە، لە خوا بترسن، ئەی ئەو کەسانەی ئەو جورە هەڵسوکەوتانە بەرامبەر بەو ناز و نیعمەتە گەورەیە دەکەن. چاك بزان ئەوە حەڕامە و خوای گەورە لێتان تووڕەیە و لە ڕۆژی قیامەتدا لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکات. پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: إن أول ما يُسأَلُ عنه العبد يوم القيامة أن يقال له: ألم نُصِحَّ لك جسمك، ونُرْوِيَك مِن الماء البارد.» واتە یەکەم شتانێك کە دەرحەقیان لە ڕۆژی قیامەتدا لە ناز و نیعمەتەکان لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، ئەم دوو شتەیە: خوای گەورە پێمان دەفەرموێ: ئەی عەبد و بەندەکەم، ئەرێ جەستە و لاشەیەکی ساغ و سەلامەتم پێ نەدای؟ ئەی بۆ قەدرت نەزانی و بۆچی لە عیبادەت و بەندایەتیی خوادا بەکارت نەهێنا؟ ئایا ئاوێکی ساف و سازگار و شیرین و خۆشم پێ نەدای؟ ئەی بۆ بە جوانی مامەڵەت لەگەڵ نەکرد؟ بۆچی بەفیڕۆت دا و قەدرت نەزانی ؟؟ بۆیە پێویستە قەدری ئاو بزانین لەم ڕۆژگارەدا کە ئاوا جیهان زەنگی مەترسیی کەمبوونی ئاو و نەمانی لێ دەدادات، ئێمەش لێی بێبەری نین، بەتایبەت کە ئەمساڵ بێ بارانی بوو، بۆیە واجبە لە سەرمان قەدر و حورمەتی ئاو بگرین و بە ئەندازەی پیویست بەکاری بهێنین و، سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکەین لە سەر نیعمەتی ئاو کە کاریز و کانیاو و جۆگە و ڕووبار و بیرەکانمان بۆ پر لە ئاو بکاتەوە و لە ساڵی داهاتوو بارانی بە ڕەحمەتمان بۆ ببارێنی، اللهم امین..»

**ئەگەر زیادەڕۆیی لە دەستنوێژگرتن و عیبادەتەکاندا دروست نەبێت و حەرام بێت، ئەی چۆن دروستە ئەوەی کە ئەمڕو بەداخەوە هێندی خەڵک بەو پەڕی نابەرپرسیاریەتی لە بەهەدەر دانی ئاو دەیکەن؟**

**لە خوا بترسن، ئەی ئەو کەسانەی ئەو جورە هەڵسوکەوتانە بەرامبەر بەو ناز و نیعمەتە گەورەیە دەکەن. چاک بزان ئەوە حەڕامە و خوای گەورە لێتان تووڕەیە و لە ڕۆژی قیامەتدا لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکات**